# (بەبێ خوێن)

# دۆزینەوەی نهێنیەکانی خۆشەویستی لەناو جەنگدا

ئەنوەر حسین

*ناوی ڕۆمان: بەبێ خوێن*
*ناوی نوسەر: ئەلیساندرۆ باریکۆ*
*وەرگێرانی لەئینگلیزییەوە: ئازاد بەرزنجی*
*چاپی یەکەم ٢٠٠٧*
*١٢٩ لاپەرە*

## کورتەی چیرۆکەکە:

بەشی یەکەم "دیالۆگێکی نێوان دکتۆر و سێ چەکدارە"

" دکتۆرێک کە لایەنگری حکومەتە لە کێلگەیەکدا لەگەل کورو کچەکەیدا (نینا)دا دەژین، دکتۆر زۆر لەو چەکدارە شۆرشێگرانەی بە ئەنقەست ژەهر خواردوو کردووەو کوشتوە، کە بەبریندار کەوتونتە ژێر دەستی بۆ چارەسەر"

"لەئێوارەیەکی درەنگدا، چوار چەکداری گروپێکی چەپی شۆرشگێر دێن بۆ کوشتنی دکتۆر، کە یەکێک لەچەکدارەکان، برایەکی بەدەستی دکتۆر کوژراوە.

پاش شەرێکی کورت، دکتۆر و کورەکەی دەکوژرێت و کچە بچکۆلانەکەشی (نینا) کەخۆی شارد بووەوە رزگاری دەبێت.

بەشی دووەم" دیالۆگی بەردەوامی نینا و تیتویە

ئەو کچەی کە ئەو شەوە رزگاری بووە (نینا) بەهۆی ئەسپ سوارێکەوە دەبرێتە مالی خۆی و پاشان لە قوماردا دەیدۆرێنێ و دەبێتە خاوەنی سێ مندال.

ئەو کچە پاش گەورەبوونی و پاش سەرکەوتنی شۆرشی گروپە چەپەکە، دەکەوێتە دوای چارەنوسی ئەو سێ چەکدارەی باوکیان کوشتوە، بۆیە سەرەتا (سالنیاس) کەباوکی کوشت دەکوژرێت و پاشان چەکداری دووەم (ئێل گۆری) دەکوژێت و بەردەوام دەگەرێت بەدوای چەکداری سێیەم دا، بەلام چارەنوس سەرئەنجام لەجیاتی (تیتۆ= پیلارۆ) دەبنە دلدارو ژن و مێرد»

× × ×

***" هیچ شتێک لەوە جوانتر نییە کە بەرژەکەت بکەیت، چونکە هەر ئەویش خۆت پێ دەدۆزێتەوە"***

**ئەحلام مستغانمی**

ڕۆمانی (بەبێ خوێن) جگە لەوەی لەسەرەتادا ڕووداوێکمان بۆ دەخاتەروو کە بەتراژیدیای کوشتنی دەستپێدەکات، بە کلتوری تۆلە، بەچەمکی کوشتنی ڕەوا لەپێناو بەدیهێنانی یەکسانی و عەدالەت و خۆشگوزەرانی بەو پێوەرانەی کە گروپە چەپ و مارکسی و ڕێکخراوە ئۆپۆزسیۆنەکان کاریان پێکردووە.

لەبەشی یەکەمی ئەم ڕۆمانەدا دیالۆگێکی سادەو پر مەترسی لەنێوان دکتۆر (مانۆیل ڕۆکا) کە سەر بەحکومەتەو سێ چەکداری گروپێکی مارکسی دەستپێدەکات.

دکتۆر لەپێناو حکومەتدا، چەندین چەکداری ئەم گروپەی ژەهر خـواردوو کردووە، کەیەکێک لەکوژراوەکان برایەکی یەکێک لەم چەکدارانەیە، هەر بۆیە برای کوژراوە کە (سالیناس)ە بە دکتۆر دەلێ" تائێستا دووجار تەقەم کردووە، یەکەمجار شەوێک بە ئاسمانداو دووهەم جار کەبرا شۆرشگێرەکەمم کوشت لەخەستخانەکەی تۆدا، بەلام دەمەوێت بیکەمە سێیەمین جارو تۆش بکوژم...!"

ئەم دیالۆگە هەرەچەندە سادەیە بەلام جیا لەوە، حەقیقەتێکە مێژووی سیاسیی و پر تراژیدیای نێوان دەولەتە داگیرکەرەکان و تۆتالیتاریەکان و گروپ و ڕێکخراوە سیاسیە ئۆپۆزسیۆنەکانمان بۆ دەگێرێتەوە، لەژێر ناوی حەق و عەدالەت و شۆرشدا.

جەنگ لە کورترین مانادا هیچی جوانی لێ بەرهەم نایەت، جگە لە کوشتن و بێ ماناکردنی جوانیەکان. هەرچەندە لەژێر ناوی ئازادی و عەدالەت و مافدابێت، هەر بۆیە (ئەلیساندرۆ باریکۆ)ی نوسەری ڕۆمانەکە کۆتایی ڕۆمانەکە دەسپێرێت بەخۆشەویستی، گێرانەوەی چیرۆکەکە بە تۆلەکردنەوەی خۆشەویستی لەجەنگ کۆتایی دێت.

لەناو دیالۆگی بەردەوامی ڕۆمانەکەدا، تاکە شتێک تا ساتی کۆتایی ڕۆمانەکە ونەو وجودی نییە بوونی عشق و خۆشەویستی و ئەوینە، گەرچی مانای ئەوەنییە کە نوسەر نایەوێت ئەم فەزایە بخولقێنێت و چەمکی عشق و خۆشەویستی تێکەل بەروداوەکان بکات.

نەخێر ئەو فەزای جەنگ و شەرو کوشتارە بالی کێشاوە بەسەر ولاتداو شەرو جەنگ بۆتە هەمووشت. حیکایەتەکانی ناو ئەم ڕۆمانە، ڕەنگە بۆ مێژووی بەشەریەت و بەتایبەت بەشی یەکەمی ڕۆمانەکە کە پریەتی لە تراژیدیا بەرهەمهێنەرەکانی جەنگ نموونەی دکتۆر (مانویل ڕۆکا) کەپیاوی حکومەتەو دژی چەکدارە شۆرشگێرەکان بوەو ژەهری داوەتە بریندارەکان، بۆ ئەوەی بیانکوژێت، نامۆنییە.

کوشتنی منالی دکتۆرو هاوکارانی ڕژێم و نامۆنیە.

گەر ئـەوەش بزانین خـودی شۆرشی چەکداری و پارتیزانانە لەسەر بونیادی تۆلەو جەنگ و کوشتار بونیاد دەنرێت. و جێگایەک بۆ بونی جوانی و ڕەتکردنەوەی ئەو ڕەوشە ناهێلێتەوە، لەناو چیرۆکەکەدا هەندێ گوتەو دەستەواژە دەبینی یەکسەر هەست دەکەی ئەمە هی ڕێکخراوە ئۆپۆزسیۆنەکانە لەمبارەیەوە لەلاپەرە ٢٩دا دەلێن" دەتنێرم بۆ دۆزەخ، هەی زۆل" یان لەهەمان لاپەرە دەلێ" ئەم کوری قەحبەیە دەیەوێت چێ بکات - دیارە مەبەست دکتۆرە-"

ئەگەر چی ئـەم کلتورە هی خودی سیستمە سیاسیە دیکتاتۆریەکانەو خودی گروپەکانیش کە زادەی ناو ئەم سیستمەن زۆرپەی شتەکان کۆپی دەکەن و دەیلێنەوە، (ئێل گـۆری) چەکدار دەلـێ" سێ سال لـەوەوبـەر بینیم ژنـەکـەم بەخنکاوی هەلواسرابوو، کچەکانیشم سەریان تاشراوەو رانیان لەخوێندایە"

بێگومان ئەم بەسەرهاتە کەسی ئاسایی بەرهەم ناهێنێت، هەربۆیە تێل گۆر دەبێتە چەکدارێک و وەکو لە دیالۆگ کۆتایی ڕۆمانەکەشدا لەلاپەرە (١٠٦) دەلـێ" من لەهیچ پەشیمان نیم، دەبوایە شەرمان کردایەو کردمان"

یان لـەلاپـەرە (١٠٠)دا دەلـێ ئێمە جەنگاوەری ناوجەنگ بوین...تادەلێ" ئێمە باوەرمان بە هێنانەدی دونیایەکی باشتر هەبوو"

"سەبارەت بە نوسەران زۆرجار وتراوە هەمنگوای کاتێ لەدونیا تێگەیشت کەزانی دەریا چییە، حەلاج ئەو ڕۆژەی خوای ناسی، بۆدلێر لەنەفرەت و هەلە تێگەیشت"

دەمەوێت بلێم" ئەلیساندرۆ باریکۆ" ئەوکات نهێنیەکانی خۆشەویستی دۆزیـەوە، کە لەجەنگ تێگەیشت"

هەربۆیە لەناو دلی جەنگدا لەناو تۆلەو کوشتاردا عشق و خۆشەویستی دەکاتە راپەلەی نێوان بکوژو کوژراو، نێوان رق و تۆلە، نێوان رابردوو و داهاتوو"

هەولدان بۆ سرینەوەی پاشماوەکانی جەنگ و رق و کینەو تۆلە، دیقەت بدەن لەلاپەرە (٤٣)ی ناو ڕۆمانەکەدا برایەکی (سالیناس) کە بەبریندارى کەوتۆتە دەست حکومەت و لەو نەخۆشخانەی دکتۆرە کاتێک سالیناس و گروپێکی هاورێ دەچن بۆ رزگار بونیان، براکەی کەبریندارە بە سالیناس دەلێ" تکایە بمکوژە، سالیناس لەلاپەرە (٤٦)دا دەلێ" لوولەی دەمانچەکەم کردە ناوچاوانی براکەم و تەقەم لێکردو کوشتم"

تا لە لاپەرە (٤٨)دا سالیناس بە دکتۆر دەلێ" بەلێ تۆ ئەوانت کوشت"

بۆیە سالیناس پێ دەلێ" (٣٠٠)کیلۆمەترم بریوە تا بگەینە لای تۆ، دەتکوژم، دەتکوژم...

سەرئەنجام ئەم دۆخە دژوارە بەکوشتنی دکتۆر و کورە بچکۆلەکەی کۆتایی دێت و دوا تەقەی کۆتایی شەرەکەش بەکوشتنی مرۆڤێکی تر کۆتایی دێت".

" نوسەرێک دەلێ" لەوە زەحمەتر نییە کەلە تەمەنێکدا دەست بە نوسین بکەیت خەلک تێدا لەوتنی هەموو شت بوبێتەوە"

ڕەنگە ئەمە راست بێت بۆ (باریکۆ) بەو دەلیلەی ئەو لەسەر هێلێیک دەنوسێت تازەیەو جیاواز لە نوسراوەکانی پێش خۆی.

گەرچی ناسینی ئێمە بۆ نوسینەکانی باریکۆ تازەیە، بەلام خودی نوسینەکانی باریکۆش لە مێژینە نییە.

ڕەنگە یەکێک لە خالە گرنگەکانی نوسینی باریکۆ چنینە جوانەکانی بێت، پاش ئەوەی دکتۆرو کورەکەی کوژران، نینای کچی کە خۆی شاردبووەو یەکێک لەچەکدارەکان بینیشی، بەلام نەیکوشت و پاش سوتانی خانوەکەشیان، پاش سێ ڕۆژ کابرای ئەسپ سوار نینا دەبات و دەروات.

تا ئەو کاتەی نینا دەچێتە هەتیوخانەیەک و پاشان پیاوێک هەلیدەگرێتەوە، دواتریش لەقوماردا دەدۆرێنێت بەپیاوێک بەناوی (کـۆنـت) پـاش ئـەوەی سـێ کـوری لێ دەبێ و ناوەکەی دەگۆرێت و دەیکات بە (دۆناسۆل).

پەشی دووەمـی ڕۆمانەکە پاش (٥٢) سال، بەلێ پاش (٥٢)سـال دیالۆگێکی سەیر لەنێوان (تیتۆ)ی چەکدار کەکاتی خۆی (نینا)ی نەکوشت لەگەل (نینا)دا، دەستپێدەکات.

لەم بەشەدا شتێکی گرنگ سەرنجمان ڕادەکێشێ،




ئەویش ئـەو تراژیدیا بێ وێنەیە کەدژی ژن لە کۆمەلگادا پەیرەو دەکـرێـت و لـەنـاوخـوی ڕۆمانەکەشدا ڕەنگدانەوە هەیە.

(نینا) کە ڕەمزی ژنە لەناو ڕۆمانەکەدا، هـەر لـەسـەرەتـاوە چارەنوسی نادیارە، پاشانیش دەبرێتە هەتیوخانە و دواتریش ڕێکاردۆ تۆرییە دەیباتە لای خۆی، جیا لەوەی دەیەوێت دەستدرێژی سێکسی بکاتە سەر نینا کە هێشتا تەمەنی (١١)سالە، دواتر شەوێک لە قوماردا دەیدۆرێنێت و دیفرۆشێت بە (کۆنت) پاش مردنی کۆنتی مێردی، بۆ بێ بەریکردن لەسەروەت و سامانی مێردەکەی خزمەکانی بەناوی شێت دەری ئەکەن.

بەلام دواجـار لەسەر دەستی باریکۆ، ژن دەبێتە پالەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەو نینا وەکو ڕەمزی ژن دەبێتە کارەکتەری سەرەکی عشق و لێبوردن و پێشنیاری خۆشەویستی و سرینەوەی کلتوری جەنگ و کوشتار عشق و سێکس و خۆشگوزەرانی، بەلام باریکۆ زۆر بەوردی ڕۆلی ژن جارێک وەکو غەدرلێکراو جارێک وەکو بەخشندە باسدەکات.

جیالەوەش لەبەشی دووەمدا هەردوولا هەم (تیتۆ-پیدرۆ) و هەم (نینا-دۆناسۆل)دان بەگشت حەقیقەتەکاندا دەنێی و ئەمەش گەورەیەیە.

لەلاپەرە (١٠٠)دا جارێکی تر دیالۆگی نێوان تیتۆ و نینا دەستپێدەکات.

-نینا دەلێ" خۆت بە چاوی خۆت بینیت براکەم دەکوژرێ چۆن شتی وادەبێت...؟

-تیتۆ دەلێ" ئێمە سەرباز بوین، باوەرمان بەدونیایەکی باشتر هەبوو، من لەهیچ پەشیمان نیم"

سەرئەنجام (نینا) وەکو (حەوا) جارێکی تر لە دابو نەریتی زەمینی و خوایی و ئاسمانیەکان یاخی دەبێ و دەیەوێت هەموو ئاسەوارەکانی جەنگ و تۆلە بسرێتەوەو سەرکردایەتی یاخیبونێکی نامەنتق بکات، بۆیە دواجار بەتیتۆ دەلـێ" حەز دەکەی پێکەوە دلـداری بکەین" ئـەم قسەیە شۆرشێکە دژی ئەو شۆرشەی چەکدارەکان و حکومەت، کە کوشتنی ئیلهام بەخشی بووە، ئەمجارە لەسەر ماچ و سێکس و عشق و خۆشەویستی دەبێتە ئیلهام و بۆ هەیشە پێکەوە لەباوەشی عشقدا دەبن.

(خوێن)ێک دەرژێ لەپێشەوە (بەبێ خوێن) کۆتایی دێت، نەک (خوێن)ێک لەپشتەوەو ترسنۆکانە.